ڕەنگدانەوەی گۆرانی و ئاواز لە ژیانی کوردەواریدا

● ئازاد دلزار ●

مرۆڤ هەر لەسەرەتای پەیدابوونیەوە ئاشنایەتی لەگەڵ مۆزیقەدا پەیداکردوە . گڤەی باو تافەتافی روبارو گرمەی هەورو ترپەی باران سرنجیان بۆلای خۆی راکێشاوە . لەسەرەتادا لەبەردو دارو پێستەو ئێسقان چەند ئامێرێکی (ئیقاعی) سەرەتایی پێکەوەنا . لە دواییدا هەستی ڕاگرت کە چۆن با نەیژەکان دەلەرێنێتەوەو دەنگێکی خۆشیان لێوەدێ فێربوو کە لە زەل و قامیش لولك و پیك و باڵەبان دروستبکا . دەستی‌کرد بە لاسایی‌کردنەوەی سروشت ، بە تایبەتی بەهۆی لاسایی‌کردنەوەی هەندێ باڵدارو گیانەوەران توانی زیاتر لێیان نزیك بکەوێتەوەو ڕاویان بکا یاخود دەستەمۆیان بکا . هەروەك ئێستاش لە کوردەواری خۆماندا راوە سوێسکە هەر بەم جۆرە دەکرێ ، شوانکارەکانمان لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا بە (فیکەفیك و پیرە پیر)ێکی تایبەتی پەزەکانیان دەنگ دەدەن ، کاتێ کە بەختەو گوێدرێژەکانیش ئاو دەدەن فیکەی بۆ دەکێشن کە بە نەشئەوە بین بە ئاوەکەوە دەنێن و ورگی لێ تژی دەکەن ، خۆسەگ و پەلەوەری ماڵی و پشیلەو زۆرشتی‌تر هەر بە فیکەو جۆرە لێوجولانێکی تایبەتی بانگ دەکرێن‌کە هەر یەکە لەهی ئەویتر جیایە . جوتیار بەجۆرە دەنگێکی‌تر گایەکانی لێدەخورێ . کار گەیشتە رادەیەك کە لە هەندێ شوێندا ماری ژاراویان عاملاندو بە مۆزیقە خستیانە سەماو دەستەمۆیان‌کرد ، هەروەك لە پەندی کوردیدا هاتوە (مار بەفیکە لە کون دێنیتە دەر) . کاتێ قەتارو کاروانەکان دەردەکەوتن لە دورەوە زرینگەی زەنگیان دەهات . لە کاتی شەڕو مەیدانداریشدا تەپڵ و شەیپور کەلکەلەی جەنگی دەخستە سەری میرخاسان و دڵی ئازایانی دەدەماند ، کار بەوەش ڕانەوەستا مۆزیقە تێکەڵاوی زۆربەی ئاینەکان بوو ، تەنانەت ئاینە ئاسمانییەکانیش ، بانگدان و قورئان خوێندن و بەسەرهاتی پێغەمبەران لە سەرهەوای مەقام خوێندن دەف و دمبك بەزمی دەروێشانی جۆشاند ، ئەرغەنوون لە کلێسادا سحری پژاند نزاو پاڕانەوەو کرنوش بردن کەوتە سەر لەرەی مۆسیقا ، زۆربەی کلێساکانی ئاوروپا تیپی مۆزیقەو کۆرالی تایبەتیان پێکەوە ناو گەلێك لە مۆزیقەژەنەکانی جیهانی وەك (یوهان سبستیان باخ 1685 — 1750) لەم مەیدانەوە دەرکەوتن و بوون بە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی .

لە کوردستانەکەی ئێمەشدا هەر لە کۆنەوە ئەشق و سروشت و باری ئابووری و چەوساندنەوە ڕەنگی گۆرانی و مۆزیقەی کوردیان رشتوە . سروشتی شلخاوی و سەختی وڵاتەکەو تیژڕەوی ئاوەکانی و تیرو تۆخی رەنگە سروشتییەکانی و خوێنگەرمی و چوستی خەڵکەکەی جۆرە ئیقاعێکی گورج و سواریان بە مۆزیقەو گۆرانی کوردی بەخشیوە ، لەگەڵ ئەوەشدا دەزولەیێکی خەم ئامێزیان تیا هەست پێدەکرێ کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر باری ناهەمواری ئابووری کۆمەڵگەی کوردەواری و چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتی جگە لەوەی کە مۆزیقەی کوردیش لقێکەو دەرژێتە ئەو چۆمە غەمگینەوە کە بە هەموو ڕۆژهەڵاتدا تێدەپەڕێ .

گۆرانی و مۆزیقە چۆتە هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی کوردەوارییەوە هەر وەك
شایی و ئاهەنگی بێ‌سازدەکرێ شین و شەپۆری ئازیزانیش بەسەردولکەو لاوانەوە دەگێردرێ . لە زۆر شوێن بەدەف لێدان مردوو دەبرێ بۆ سەر قەبران . دایکی کورد لەگەڵ نەزمی لانکەباو بێشکەدا لایەلایە بۆکۆرپەکەی دەکا کە بەشی منداڵەکەیان وەك بەشی ئەوان نەبێ و شادو گەردن ئازاد بژی . گەڕی ساوەرکوتانەوەو دەستاڕهاڕین لەگۆرانی گەرم دەکرێ . لە قەزوان کردن و مازوچنیندا بەندو باڵۆرە دەگوترێ . وەستاو وەستاکار بەدەم جۆلایی و کەڵاش چنین و چەکوش وەشاندن و دیوارهەڵنانەوە گۆرانی دەڵێن و گڕی دەروونیان دادەمرکێننەوە . پاڵەو جوتیارەکان لەکاتی گێرەو دروێنەو خەرمان هەڵگرتندا جۆرە گۆرانیێکی تایبەتی دەڵێن کە داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕێژن لە دەست چەوسێنەرەکانیان و پەلارو توانج دەگرنە ئاغاو سەرکارەکانیان .

زۆر ڕووداوو شۆڕش و بەسەرهات بوون بە لاوك . خۆ ئێستاش لاوکی یەزدان شێرو سمکۆو شێخ مەحمود هەر خوێنیان لێ‌دەتکێ . تەقەی مەترەلۆزو قرمەی جان‌بێزارو ◁

دوو گۆرانی و دوو نۆتە

«وریا ئەحمەد»

پێشەکیەکی کورت :

لێرەودوا خوا یاربێ لە هەر ژمارەیەك لەم گۆڤارەدا دوو گۆرانی،بەهەڵبەست و نۆتەوە، بڵاودەکەینەوە .. لەو گۆرانیانەی کە ئاوازی خۆمن ؛ یاخو ئامادە و ردابەشم کردوون ..

ئەوەی شایانی باس و جێگەی سوپاسێکی بێپایانیشمە ئەم نۆتانەن کە ژمارەیان لە «٢٠» نۆتە زیاترە ، هەر هەمووی هونەرمەندی لێهاتووی کورد کاکە ئەنوەر قەرەداخی ئەرکی پیاچوونەوەی گرتە ئەستۆو هونەرمەندی خامە رەنگینیش کاکە سەلاح رەئووف ئەرکی نووسینەوەی نۆتەکانی بۆ دواجار بە خەتە خۆشەکەی خۆی گرتە ئەستۆ ؛ منیش لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم .. هونەری کوردیمان خاوەنی دوارۆژێکی زۆر رووناکە ، چونکە هونەرمەندانی وەك كاك ئەنوەرو کاك سەلاح زۆر خۆش بەختانەو بێ کەمتەرخەمی شەونخوونی بۆ دەگرن و بەتەنگ خزمەتکردن و پاراستنیەوەن .



گۆرانی بۆتۆ مردم

هەڵبەست و ئاواز/فۆلکلۆری
گوتنی کۆرسی بلواجی
ئامادەکردنی ووریا ئەحمەد

رەنگی زەردم بۆتۆ مردم   کوڵەجەکەی خامەکە
دەستم لەبۆ مەمکۆڵەی برد   گوتی هەتیو وامەکە

* * * *

بە ماچ و دوو ماچ گیانەکەم   لێت نابم رازی
تا لەسەر سینەت چاوەکەم   نەیکەم دەستبازی

* * * *

بەماچ و دوو ماچ گیانەکەم   هیچت لێنایە
وابزانە نان بوو چاوەکەم   دات وەگەدایی

* * * *

بە سەر گەڕێت بم گیانەکەم   نووری عەینەکەم
خۆ من بە بێ تۆ چاوەکەم   کوێرە زەینەکەم

هاڕژنی تەیارەو ترکەی تۆپیان لێ هەڵدەستێ ، هەروەك لاوك چەند لاپەرەیەکی لە مێژووی ئەم گەلە پاراست لە چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا چەند ئەدیبێکی بەکارو خەمڵەبەر بناغەی شیعری تازەی کوردیان هەر لە سەرکێشی لاوك و حەیران و گۆرانی دامەزراندو

ـ گۆران ـ ی مەزنیش تەلاری ئەم هونەرە ئاسکەی گەیاندە تەختی ئاسمان .

لە کاتێکدا کە دەنگ خۆش و گوێندەکان لە شەوانی بەفرباریندا لە دەوری ئاگردانەکانا بەسەرهاتی ئەشقە پاك و بێ ئاکامەکەی

ـ مەمی ئالان یان بەند بەندەچڕی گەنج و گراوییەکان بەچۆکی خۆیاندا دەدا . ئەحمەدی خانی پەیدابوو لە دەمی سەندنەوەو ئەم بەیت و بەندانەی کرد بە مەلحەمەیەك کە تاکورد مابێ بیەوی بنازێ . بەم جۆرە دەبینین گۆرانی و مۆزیقە رۆڵێکی گرنگی لە ژیان و مێژووی رۆشنبیری کورددا گێڕاوە .